به بۆنەی بیست و هەشتەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# چەند وشە و ڕستەیەکی پڕ لە میهرەبانی


موعتەسەم ساڵەیی
(کەرکووک)


نووسـەران و شـاعیران و هونەرمەنـدان و ڕۆشـنبیران بەوپـەڕی خەمخـۆری و دڵسـۆزییەوە، بـێ وچـان لـە هەڵپـەدان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی ڕۆشنبیری و هونـەری، هەروەهـا پەرەپێـدان و سەرخسـتنی زیاتـری ئاسـتی هۆشـیاری و وریایـی لەنێـو کۆمەڵـدا. بێگومـان دنیـای ڕۆشـنبیری بـۆ پێشخسـتنی هـەر کۆمەڵگەیـەک لـەڕووی شارسـتانییەوە، ژێرخانێکـی کاریگـەر پێـک دەهێنێت. ئـەو میللەتانـەی ئاستی ڕۆشنبیرییان بەرزە و تاکەکانی شـەیدای خوێندنـەوە و خۆڕۆشـنبیرکردنن، ئـەو جـۆرە میللەتانـە دەرک و دەروازەی بەردەمیـان کـراوە و والایە بـەرەو دنیـای پێشـکەوتن و سـەرکەوتن. نووسـەران هەست بـە کاریگەریـی دنیـای ڕۆشـنبیری دەکـەن، بۆیـە بەشـێکی زۆری کاتەکانیـان لەگـەڵ خوێندنـەوەی کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامــەدا بەسـەردەبەن، هـەر بەوەشـەوە ناوەسـتن، بەڵکـوو بـەردەوام هانـی خەڵکانـی دیکەیـش دەدەن هەمـان ڕێچکـە بگرنەبـەر.

ئێمەومانـان سـەرگەرمییەکی زۆرمـان بـۆ خوێندنـەوە و خۆڕۆشـنبیرکردن هەیـە، گەورەتریـن هیـوا و ئاواتیشـمان لەوەدایـە کـە نـەوەی دوای ئێمەیـش هەمـان ڕێچکـە بگرنەبـەر. دەتوانـم بڵێـم کتێـب بەشـێوەیەکی گشـتی و گۆڤـار و ڕۆژنامـەی کوردی بەتایبەتـی، تاوەکوو ئەمـڕۆش دەورێکـی سـەرەکییان لەژیانـی ڕۆژانەمانـدا بینیـوە، بـەو ڕادەیـەی بەبـێ خوێندنـەوە هەرگیـز هەڵناکەیـن. بـەڕای مـن ئـەو خێزانانـە دەوڵەمەنـدن کـە ماڵەکانیـان پـڕ بێـت لەکتێـب و گۆڤـار و پێداویسـتییەکانی ڕۆشـنبیری. هـەر ماڵێکیـش کتێبخانەیەکـی بچـووک نەگرێتـە خـۆی، کـورد وتەنـی وەکـوو ئاسـیاوێک وەهایـە کـە ئـاوی لـێ بڕابێـت. بـەش بەحاڵـی خـۆم هـەر لەسـەرەتای ژیانمـەوە سەروسـەودایەکی زۆرم لەگـەڵ خوێندنـەوەی کتێـب و گۆڤـار و ڕۆژنامــەدا هەبـووە.

بـە درێژایـی سـاڵانێکی زۆر لـە کوردسـتاندا چەنـدان گۆڤـاری کـوردی بـە دڵسـۆزییەوە خزمەتیـان کـرد، بـەڵام بەداخـەوە بەشـێکی زۆریـان پـاش چەند سـاڵێک لـە دەرچـوون وەسـتان. ئـەوەی مایـەی دڵخۆشـییە دەبینیـن گۆڤـاری (ڕامـان) بێ وەسـتان لـە دەرچـوون و خزمەتکردنـی وشـەی کـوردی بەردەوامـە، بـەو ڕادەیـەی وەختێکـی زۆری نەمـاوە تەمەنـی بگاتـە سـی سـاڵ، ئەمەیـش سـەروەرییەکی گەورەیـە بـۆ دنیـای ئەدەبیاتـی کـوردی.

گۆڤـاری ڕامـان دەرگای لەبـەردەم هەمـوو قەڵــەم بەدەسـتانی کـورد بەبـێ جیـاوازی والایـە. دەتوانـم بڵێـم زۆربـەی نووسـەران و شـاعیرانی کورد بەدرێژایی سـاڵانێکی زۆر، بابـەت و بەرهەمـی خۆیـان لـە گۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاودەکەنـەوە. ڕێـز و سـڵاومان بـۆ کاک ئـازاد عەبدولواحیـدی ماندوونەنـاس هەیـە کـە بەدڵسـۆزییەکی زۆرەوە کات و وەختـی خـۆی بـۆ

بڵاو کردنەوەی گۆڤاری مانگانەی ڕامان لەکاتی خۆیدا تەرخان کردووە، لە هەمان کاتدا هەموو کارمەندانی گۆڤارەکە و هەموو قەڵەم بەدەستانی کوردیش کە بەنووسینەکانیان گۆڤارەکە دەڕازێننەوە، ئەوانیش مایەی شانازین. ئەوەی شایانی باسە کاک ئازاد عەبدولواحید بەشارەزاییەکی زۆرەوە توانیویەتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان و داهێنەرانی کورد ساز بکات. هیوادارین گۆڤاری ڕامان لەپێناوی خزمەتی ئەدەبی کوردیمان هەردەم گەشاوە بێت.

نەک بە تەنیا کەسانی پسپۆر و شارەزا، بەڵکوو هەر کەسێک ئەگەر بەتەواوەتی توانایی مێشکی خۆی بخاتەکار، ڕوون و ئاشکرا بۆی دەردەکەوێت کە پرۆسەی خوێندن بەردی بناغەی هەموو پێشکەوتنێک لەبواری شارستانی و ئابووری وڵاتە جیاجیاکانی دنیا پێک دەهێنێت. نهێنی گەشەسەندنی وڵاتە سەرکەوتووەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەر لەسەرەتاوە بایەخی تەواویان بەپرۆسەی خوێندن لە قوتابخانە و خوێندنگە و زانکۆ و داوودەزگا فیکری و زانیارییەکاندا داوە. شان بەشانی پرۆسەی خوێندن دەتوانین بە جەختەوە بڵێین، خوێندنەوەی چڕ و خۆڕۆشنبیرکردن، ئاستی ئاگاداری و بیر و هۆشیاریی تاکەکانی میللەت بەرز دەکاتەوە. خوێندنەوەی کتێب و نامیلکە و ڕۆژنامە و گۆڤار سەرچاوەی هەموو هۆشیاری و ورياييەک پێک دەهێنن، بۆیە زۆر پێویستە ئەم لایەنە گرنگ و هەستیارە فەرامۆش نەکرێت و بەردەوام برەوی پێ بدرێت.

لەتێکڕای وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ڕێژەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و زانیارییەکان لە ژمارە نایەن، تەنانەت گۆڤاری تایبەت بە تەمەنە جیاجیاکانی منداڵان و هەرزەکارانیش بایەخی تەواویان پێ دەدرێت، بەو ڕادەیەی کتێبخانەی تایبەتییان هەیە و ڕەچاوی ئاستی تەمەنیان دەکەن. دەبێت بۆ لەمەولا لەلای ئێمەیش گرنگی بەچاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤار بۆ هەموو چین و توێژ و تەمەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکەمان بدرێت، زۆریش پێویستە نووسەران و ڕۆشنبیران و خوێنەران هەردەم بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان پشت و پەنا بن، چونکی گۆڤار لەپێناوی سەرخستنی ئاستی ڕۆشنبیری و ئاگایی و ورياييی تاکەکانی نێو کۆمەڵ دەورێکی باڵا و هەستیار دەگێڕێت. بەدڵنیاییەوە جەخت لەو ڕاستییە دەکەینەوە کە گۆڤاری ڕامان، بۆ ساڵانێکی دوورودرێژ دەچێت بێوچان لە خزمەت کردنی بواری ئەدەبی و فیکری و هونەریدا بووە، بۆیە هەمیشە مایەی شانازیی هەموو لایەکمانە. ڕامان بەردەوام هەموو سەرەمانگێک بێ دوا کەوتن لەوادە و سات و کاتی خۆیدا دەکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی کورد. نووسەران و قەڵەم بەدەستانی شار و شارۆچکە و ناوچەکانی کوردستان درێغی ناکەن لەوەی بە بابەتی بەپێز و بە نرخ گۆڤارەکە دەوڵەمەند و ڕازاوە بکەن، خوێنەرانی دڵسوزی وشەی کوردی هەموو سەرە مانگێک بە تاسووق و پەرۆشییەوە چاوەڕوانی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە دەکەن.

وەکوو ئاشکرایە کاک ئازاد عەبدولواحیدی سەرنووسەر، بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە شەو دەخاتە سەر ڕۆژ لەپێناوی بەردەوامیی بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکە لەکات و ساتی خۆیدا. سەرەڕای هەموو کێشە و ئاستەنگەکان، توانیویەتی ساڵ لەدوای ساڵ برەوی زیاتر بەئاستی گۆڤارەکە بدات، ئەمەیش کارێکی وەهای کردووە نووسەر و خوێنەرێکی زۆر لە دەوری گۆڤاری ڕامان کۆ ببنەوە. بەم شێوەیە ئەم هاوکاری و هەرەوەزییە بووەتە هۆی دەوڵەمەند بوونی گۆڤارەکە لەڕووی گەوهەر و ناوەڕۆکەوە. بابەتە بڵاوکراوەکانیش لەبواری ئەدەب و هونەر و فیکر و فەلسەفە، بەڕادەیەکی فراوان سوود بەخشن. بابەتە بڵاوکراوەکان هەمەڕەنگن، هەموو تەرزێک لە هزر و بیر لەخۆ دەگرن، ژانرەکانی وەکوو شیعر و چیرۆک و ڕەخنەی ئەدەبی و توێژینەوە و هونەری شانۆیی و شێوەکاری و مۆسیقا و گۆرانی و فۆتۆگراف و بواری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕاناني کتێب بەسەر دەکاتەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی داهێنەر ساز دەکات. پڕ بەدڵ هیوای سەرکەوتن بۆ بڵاوکراوە کوردییەکان دەخوازین، ئومێدەوارین گۆڤاری (ڕامان) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ سەرکەوتن و گەشەسەندنی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت.